**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٣٢٢٦٢ لە ٢٠٢٥/١٠/١٩**

**ڕێنمایی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٥**

**ڕێنمایی پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەرانی فەرماندەیی زێرەڤانی، فەرماندەیی بەرگری و فریاکەوتن، بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پاراستنی دامودەزگا نەوتییەکان لە وەزارەتی ناوخۆ**

پاڵپشت بە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و یاسای خزمەت و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨ی ساڵی ٢٠١١) و لەبەر بەرژەوەندی گشتی،بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە:

## پێناسەکان

**ماددەی (١):**
مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ئەو مانایانەی کە بەرانبەریان دیاری کراوە بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییە:
**١- هەرێم**: هەرێمی کوردستان- عێراق.
**٢- وەزارەت:** وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
**٣- ئەفسەر:** پیاوی پۆلیس لە پلەی ملازم بەرەو سەرەوە.
**٤- هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ:** فەرماندەیی زێرەڤانی، فەرماندەیی بەرگری و فریاکەوتن، بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پاراستنی دامودەزگانەوتییەکان.
**٥- لیژنەی باڵا:** لیژنەی باڵای پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەرانی فەرماندەیی زێرەڤانی، فەرماندەیی بەرگری و فریاکەوتن، بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پاراستنی دامودەزگانەوتییەکان لە وەزارەتی ناوخۆ.
**٦- فۆرمی هەڵسەنگاندن:** فۆڕمێکی تایبەتە بە هەڵسەنگاندنی ئەفسەر لە ڕووی تواناکانی کارکردن، تەندروستی جەستەیی بەپێی پاشکۆی هاوپێچی ئەم ڕێنماییە.
**٧- خشتەی پلە بەرز کردنەوە:** هەردوو خشتەی پلە بەرزکردنەوەی ( ٩ی کانوونی دووەم و ١٤ی تەمموز ).

**ماددەی (٢):**
مەبەست لە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە ڕێکخستنی پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەرانی فەرماندەیی زێرەڤانی، فەرماندەیی بەرگری و فریاکەوتن، بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پاراستنی دامودەزگانەوتییەکان و لەبەر ئەوەی ئەم ئەفسەرانە لە هێزە شەڕکەرەکانی وەزارەتی ناوخۆ خزمەت دەکەن پێویستە ڕێنمایی پلە بەرزکردنەوەیان گونجاو بێت لەگەڵ سروشتی کارەکانیان.

## لیژنەی پلە بەرزکردنەوە

**ماددەی (٣):**

١- لیژنەی باڵای هەمیشەیی بۆ پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەرانی فەرمانـدەیی زێرەڤـانی و فەرمانـدەیی بەرگری و فریاکەوتن و بەڕێوەبەرایـەتی پۆلیسـی پاراسـتنی دامودەزگـا نەوتییـەکان لـە وەزارەتـی ناوخۆ پێك دەهێندرێت بە فەرمانی وەزیر بە سەرۆکایەتی (ڕاوێژکاری یاسایی وەزارەتی ناوخۆ) و ئەندامیەتی نوێنەرانی فەرماندەیی (زێرەڤانی و بەرگری و فریاکەوتن) و بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسـی پاراستنی دامودەزگا نەوتییەکان و نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ کە پلەیان لە (عمید) کەمتر نەبێت.

٢- لیژنەی باڵا، پێداچوونەوە بە دۆسیەی ئەفسەرانی شایستەی پلە بەرزکردنـەوە دەکەن بـەپێی ئـەم ڕێنماییە و ڕاپۆرتی کۆتایی بەرز دەکەنەوە بۆ وەزیر بە مەبەستی پەسەندکردنی.

٣- سێ لیژنەی لاوەکی هەمیشەیی لە هەر یـەك لـە فەرمانـدەیی زێژەڤـانی و فەرمانـدەیی بـەرگری و فریاکەوتن و بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی پاراستنی دامودەزگا نەوتییەکان لـە وەزارەتـی نـاوخۆ پێـك دەهێندرێت بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی ئەو ئەفسەرانەی کە شایستەی پلـە بەرزکردنـەوەن بـەپێی ئەم ڕێنماییە، و ڕاپـۆرتی خۆیـان بـە بەرپرسـی فەرمانگـەی خۆیـان بـەرز دەکەنـەوە بـە مەبەسـتی پەسەندکردنی و ڕاپۆرتی لیژنە بە گشت فۆرمەکانی هەڵسەنگاندن ئاراسـتەی لیژنـەی بـاڵا دەکرێـت بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی کۆتایی.

## مەرجە گشتییەکانی پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەران

**ماددەی (٤):**

**بۆ پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەر لە پلـە یـەك بـۆ پلەیـەکی دیـکەی بـەرزتر پێویسـتە ئـەم مەرجانـەی خوارەوەی تێدا بێت:**

١- پێویستە لەو پلەیەی کە تێدایە ئەو ماوەیەی کە لە خوارەوە دیاری کراوە بـە پێـی مـاددەی (٩) لـە یاسای ڕاژە و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨) ساڵی ٢٠١١ی تەواو کردبێت:

| ز | پلە | ساڵ | | ز | پلە | ساڵ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ملازمی دوو بۆ ملازمی یەك | ٣ ساڵ | | ٥ | مقدم بۆ عقید | ٤ ساڵ |
| ٢ | ملازمی یەك بۆ نەقیب | ٣ ساڵ | | ٦ | عقید بۆ عمید | ٤ ساڵ |
| ٣ | نقیب بۆ رائد | ٤ ساڵ | | ٧ | عمید بۆ لیوا | ٦ ساڵ |
| ٤ | رائد بۆ مقدم | ٤ ساڵ | | ٨ | لیوا بۆ فریق | ٦ ساڵ |

٢- پێویستە لە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن کە لە فۆرمی پاشکۆی هاوپێچی ئەم ڕێنماییە دیاری کراوە دەربچێت.

٣- پێویستە لە ڕووی جەستەییەوە گونجاو بێت بە تایبـەتی کێشـی ئەفسـەرەکە دەبێـت بـەپێی ئـەم هاوکێشەیەی خوارەوە بێت.

**أ- لە پلەی ملازم بۆ عقید:** درێژی بە سانتیمەتر – ١٠٠ + (١٠) کیلۆ =
**ب- لە پلەی عقید تا فریق:** درێژی بە سانتیمەتر – ١٠٠+ (٢٠) کیلۆ =
٤- پێویستە لە پشکنینی چاو بە (چاویلکە و بێ چاویلکە) دەربچێت.
٥- ئەو پشکنینە پزیشکییانەی کە لە برگەی (٤و٣)ی سەرەوە ئاماژەیان پێدراوە لە هەر دوو نەخۆشخانەی زێرەڤانی و بەرگری و فریاکەوتن ئەنجام دەدرێت بە مەرجی هەماهەنگیکردن لەگەڵ هەر دوو بەڕێوەبەرایەتیی گشتی تەندروستی (هەولێر و سلێمانی) و لیژنەی پزیشکی بەردەوام لە کاتی پشکنینەکان میوانداری دەکرێن.
٦-
أ- پێویستە لە تاقیکردنەوەی تیۆری پلە بەرزکردنەوە دەربچێت بۆ ئەم ئەفسەرانەی لە پلەی (ملازم تا نقیب/داخل)، بەپێی پرۆگرامی تاقیکردنەوە کە لە لایەن لیژنەیەکی هاوبەش لە نێوان فەرماندەیی زێرەڤانی و فەرماندەیی بەرگری و فریاکەوتن و بەرێوەبەرایەتی کاروباری پاراستنی دامودەزگا نەوتییەکان لە وەزارەتی ناوخۆ دادەنرێت و لە لایەن وەزیری ناوخۆ پەسەند دەکرێت.
ب- پێویستە لە تاقیکردنەوەی پراکتیکی پلە بەرزکردنەوە دەربچێت بۆ ئەفسەرانەی (رائد بۆ فریق)، بەپێی پرۆگرامی تاقیکردنەوە کە لە لایەن لیژنەیەکی هاوبەش لە نێوان فەرماندەیی زێرەڤانی و فەرماندەیی بەرگری و فریاکەوتن و بەرێوەبەرایەتی کاروباری پاراستنی دامودەزگانەوتییەکان لە وەزارەتی ناوخۆ دادەنرێت و لە لایەن وەزیر پەسەند دەکرێت.
ج- دەبێت ئەو ئەفسەرانەی برگەی (ب)ی سەرەوە پێش تاقیکردنەوە بەشدار بن لە خولێکی بەهێزکردنی زانیاری بۆ ماوەی (١٥) رۆژ.
٧- ئەو ئەفسەرەی کە سزایەك یان زیاتری هەبێت و بە فەرمانی وەزیر سزا درابێت یان لە لایەن دادگا سزا درابێت یەك خشتە پلە بەرزکردنەوەی دوا دەکەوێت و بە سووڕانەوە (تدویر) بۆی ئەژمار ناکرێت.

**خشتەی پلە بەرزکردنەوە بەپێی پۆست**

**ماددەی (٥):**

پێویستە ئەفسەر بەپێی ئەم پۆستانە پلەی بەرز بکرێتەوە:

| ز | پلە | پلەی شایستەبوون |
|---|---|---|
| ١ | فەرماندەی فەرماندەیی | لیوا - فریق |
| ٢ | جێگری فەرماندەی فەرماندەیی | عمید - لیوا |
| ٣ | یاریدەدەری فەرماندەی فەرماندەیی (رئیس ارکان) | عمید - لیوا |
| ٤ | ئەندامانی فەرماندەیی (بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتییەکان) | عمید - لیوا |
| ٥ | لێپرسراوی بەشەکانی فەرماندەیی | عقید - عمید |
| ٦ | لێپرسراوی هۆبەکانی فەرماندەیی | مقدم- عقید |

| | | |
|---|---|---|
| ٧ | قائد فرقه | عميد - لیوا |
| ٨ | جێگری قائد فرقه | عميد |
| ٩ | رئیس ارکان فرقه | عقيد – عميد |
| ١٠ | ئەندامانی فرقه | عقيد – عميد |
| ١١ | لێپرسراوی بەشەکانی فرقه | مقدم – عقيد |
| ١٢ | فەرماندەی لیوا | عقيد – عميد |
| ١٣ | جێگری فەرماندەی لیوا | مقدم – عقيد |
| ١٤ | یاریدەدەری فەرماندەی لیوا | مقدم – عقيد |
| ١٥ | ئەندامانی لیوا | مقدم – عقيد |
| ١٦ | لێپرسراوی هۆبەکانی لیوا | رائد – مقدم |
| ١٧ | فەرماندەی فەوج | مقدم – عقيد |
| ١٨ | جێگری فەرماندەی فەوج | رائد – مقدم |
| ١٩ | یاریدەدەری فەرماندەی فەوج | رائد – مقدم |
| ٢٠ | ئەندامانی فەوج | رائد – مقدم |
| ٢١ | امر سريه | رائد – مقدم |
| ٢٢ | جێگری امر سريه | نقيب - رائد |

**ماددەی (٦):**

١- ئەو ئەفسەرانەی کە مۆڵەتی خوێندیان وەرگرتووە بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان پلەیان بەرزدەکرێتەوە لە پلەی (ملازم تا رائد/داخل) و دەبێت گشت مەرجەکانی پلە بەرزکردنەوە جێبەجێ بکەن.

٢- ئەو ئەفسەرانەی کە مۆڵەتی خوێندنیان وەرگرتووە بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان پلەیان بەرز دەکرێتەوە لە پلەی (مقدم تا فريق/داخل) و دەبێت گشت مەرجەکانی پلە بەرزکردنەوە جێبەجێ بکەن، و بە مەرجێك پێش دەست لەکار هەڵگرتنیان بە مەبەستی خوێندن پایەیان هەبووبێت.

**ماددەی (٧):**

ئەو ئەفسەرانەی کە لە خشتەی ٢٠٢٥/٧/١٤ شایستەی پلە بەرزکردنەوە بوون و بە هۆی ڕاگرتنی پلەبەرزکردنەوە پلەیان بەرز نەکراوەتەوە، بە (تدوير) بۆیان ئەژمار دەکرێت لە خشتەی ٢٠٢٦/١/٩.

**ماددەی (٨):**

١- کار بە هیچ ڕێنمایی و بەیان و فەرمان و نوسراوێك ناکرێت دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییە.

٢- ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە و لە خشتەی ٢٠٢٦/١/٩ کاری پێ دەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

وێنەیرەنگاورەنگ

٤×٣٣ سم

فورمی هەڵسەنگاندنی پلەبەرزکردنەوەی ئەفسەرانی فەرماندەیی زێرەڤانی، فەرماندەیی بەرگری و فریاکەوتن، بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پاراستنی دام و دەزگا نەوتییەکان

**تێبینی:**

**- ئەم فۆرمە لە چوار لاپەڕە پێکهاتووە**

## یەکەم: زانیاری کەسی (لە لایەن لیژنەکانی لاوەکی پلەبەرزکردنەوە پڕدەکرێتەوە)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| فەرماندەیی / بەڕێوەبەرایەتی | | | بەڕێوەبەرایەتی | | |
| ناوی چواری | | | پلە | | |
| شوێنی لە دایك بوون | | بەرواری لەدایك بوون | | ژمارەی مۆبایل | |
| پایە | | | شوێنی کارکردن | | |
| بڕوانامە | | | پسپۆری بڕوانامە | | |
| شوێنی دەرچوونی بڕوانامە | | | ساڵی دەرچوون | | |
| دەرچووی خولی کولیژی پۆلیس یان سەربازی ژمارە | | کولێژی | | ساڵی | |
| دەرچووی خولی باڵای ئەفسەران ژمارە | | کولێژی | | ساڵی | |
| خشتەی دوایین پلەبەرزکردنەوە | | | ژمارە و بەرواری فەرمانی وەزاری | | |
| ژمارە و بەرواری فەرمانی پێشخستن (قدم) / ئەگەر هەیە | | | ژمارە و بەرواری فەرمانی وەزاری سورانەوە (تدویر) | | |
| سزا و جۆرەکەی/ ئەگەر هەیە | | | ژمارە و بەرواری فەرمانی وەزاری سزا | | |
| لە تاقیکردنەوەی تیوری دەرچووە لە پلەی (ملازم تا نقیب) | بەلێ | | کۆی نمرەی دەرچوو | | |
| | نەخێر | | | | |
| لە تاقیکردنەوەی پراکتیکی دەرچووە لە پلەی (رائد تا فریق) | بەلێ | | کۆی نمرەی دەرچوو | | |
| | نەخێر | | | | |

## دووەم پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن (لە لایەن لیژنەکانی لاوەکی پلەبەرزکردنەوە پڕدەکرێتەوە)

| پێوەر | نمرە لە (١٠) | تێبینی |
|---|---|---|
| توانا لەسەر وەرگرتنی ئەو کارانەی پێی سپێردراوە | | |
| توانا لەسەر گرتنەبەری ڕێنماییەکان | | |
| توانا لەسەر کارکردن لەگەڵ کەسانی تر | | |
| توانا لەسەر کارکردن بەبێ چاودێری | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئارەزوو لەڕاهێنان وفێربوون وقبوڵکردنی تێبینی و ڕێنماییەکان | | | |
| ووردی لەکارکردن وپابەندبوون بەکاتەکان | | | |
| باش هەڵسوکەوت کردن لەگەل هاوپێشەکانی و هاوولاتیان | | | |
| بیرکردنەوەی بنیادنەرانە کار لەکارکردن | | | |
| خێرایی لەئەنجامدانی ئەو کارەی پێی سپێردراوە | | | |
| ئاستی زانیارییە هونەرییەکان | | | |
| هەڵسەنگاندنی گشتی بۆ ئەفسەر | | | |
| ناوبراو شایستەی پلەبەرزکرنەوەیە لە پلەی | | بۆ پلەی | |
| ناوبراو شایستەی پلەبەرزکرنەوەیە نیە | | | |
| هۆکاری شایستە نەبوونی | | | |

**ئەندام** **ئەندام** **سەرۆکی لیژنە**

**پەسەندی دەکەم**

**بەڕێوەبەری فەرمانگە**

| سێیەم: هەڵسەنگاندنی تەندروستی و جەستەیی (لە لایەن لیژنەی پزیشکی هەمیشەیی لە پارێزگا و ئیدارەکان پردەکرێتەوە) | | | | |
|---|---|---|---|---|
| فەرماندەیی / بەڕێوەبەرایەتی | | بەڕێوەبەرایەتی | | |
| ناوی چواری | | پلە | | |
| کێش بە کیلو | | درێژی بە سانتیمەتر | | |
| هاوکێشەی ئەژمارکردنی کێش بۆ ئەوەی شایستە بێت لە ڕووی کێشەوە | ١. لە پلەی ملازم تا عقید: درێژی بە سانتیمەتر — ١٠٠ = + (١٠) کیلو=<br>٢. لە پلەی عقید تا فریق: درێژی بە سانتیمەتر — ١٠٠ = + (٢٠) کیلو= | | | |
| جوری خوێن | | ئاستی بینینی چاو | چەپ | |
| | | | ڕاست | |
| نەخۆشی گوازراوەی هەیە | بەڵێ | | جوری نەخۆشی گوازراوە | |
| | نەخێر | | | |
| نەخۆشی درێژخایەنی هەیە | بەڵێ | | جۆری نەخۆشی درێژخایەن | |
| | نەخێر | | | |
| بڕیاری لیژنەی پزیشکی | | | | |
| دوای ئەنجامدانی پشکنینی پزیشکی و شایستەیی جەستەیی لیژنەی پزیشکی بڕیاریدا بە: | | | | |
| گونجاوە بۆ خزمەت | | گونجاو نیە بۆ خزمەت | | |

تێبینی:

١. پێوەرەکانی شایستەبوونی تەندروستی پێویستە هیچ نەخۆشیەکی گوازراوەی نەبێت.
٢. پێویستە ئاستی بینینی بەچاویلکە و بێ چاویلکە لە ئاستی پێوەرە تەندروستیەکان بێت.
٣. پێویستە هاوکێشەی کێشی ئەفسەر بە پێی ئەو بڕگەیەی لەسەرەوە دیاری کراوە بێت.

**ئەندام** | **ئەندام** | **سەرۆکی لیژنە**

**ئەندام** | **ئەندام**

**فورمی بریاری هەڵسەنگاندنی پلەبەرزکردنەوەی ئەفسەرانی**
**فەرماندەیی زێرەڤانی، فەرماندەیی بەرگری و فریاکەوتن، بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پاراستنی دام و دەزگا نەوتییەکان**
**(لە لایەن لیژنەی باڵای پلەبەرزکردنەوە لە وەزارەت پڕدەکرێتەوە)**

دوای پێداچوونەوەی فورمی هەڵسەنگاندنی لیژنەی لاوەکی پلەبەرزکردنەوە و هەڵسەنگاندنی تەندروستی و جەســــــتەیی تایبەت بە

| |
|---|
| |

و دۆسیەی پلەبەرزکردنەوە لیژنەی باڵا بریاری دا بە:

| |
|---|
| |

| **ئەندام** | **ئەندام** | **سەرۆکی لیژنەی باڵا** |
|---|---|---|
| | | |

| **ئەندام** | **ئەندام** | **ئەندام** |
|---|---|---|
| | | |